د. فازڵ سـوودانی

# فیزیای ریتمی جەستە لە شانۆی مایرهۆڵد دا

و: جومعـە جەباری






کتێبەکەی د. فازڵ جاف (فیزیای جەستە... مایرهۆڵد و شانۆی ریتم و جووڵە) هەڵبەت کتێبەکە بە زمانی عەرەبییە وەرگێڕ یەکێکە لە کتێبە نایابەکان، کە نەک هەر ئەزموونی یەکێ لە گرنگترین دەرهێنەرانی رووس لە سەدەی بیستەمدا ڤیسوڤۆلد مایرهۆڵد (١٨٧٤-١٩٤٠) بە شێوەیەکی پیشەگەرانە دەگوازێتەوە، بەڵکو دەخوازێ ئەو ئەزموونە تێکەڵ هۆشیارییەکی هاوچەرخ و توێژینەوەی داهێنەرانەی خۆی بکات، کە هەر خۆشی لە بنەڕەتدا دەرهێنەر و توێژەرێکە و لە نزیکەوە لێکۆڵینەوەی لەو ئەزموونەدا کردووە.

کتێبێکە لەگەڵ درەوشانەوەی داهێنان و مەرگی تراژیدییانەی هونەرمەند و بیرمەند و داهێنەرێک لە نێو زیندانەکانی دیکتاتۆرییەتی ستالیندا دەژیت، داهێنەری میتۆدی شانۆکەی (بایۆمیکانیک) کاریگەر بوو بەسەر کاری ئەکتەر لە شانۆی جیهاندا بەگشتی. کاریگەریی ئەو تا ئەمڕۆش بەردەوامە، بە تایبەتی هزر و ئەزموونی لە بواری شانۆی مەرجدار و تێگەی ئەو دەربارەی شانۆی میللی، هەروەها بونیادگەری و تێگەی تازەی میزانتسینی و میتافیزیکی کەشی شانۆ و تیۆرییەکەی دەربارەی جەستە و توانای زەبەلاحی داهێنەرانەی. هەر بۆیە ئەم کتێبە هەر تەنیا لە ڕووی تیۆرییەوە باسی مایرهۆڵدیزم ناکات، بەڵکو باس لە لایەنی کردار و پیادە کردنیشی دەکات. بێگومان کتێبخانەی عەرەبی کە لە نێو لێشاوی گواستنەوەی بیر و هزری تیۆری بەبێ لێ وردبوونەوە و دەقاودەق لە ژێدەرەکانییەوە. زۆر پێویستی بەم جۆرە کتێبە هەیە.

لەبەر بایەخی چەمکەکانی مایرهۆڵد، ئیدی کاریگەریی بایۆمیکانیک وەک میتۆدێکی هاوچەرخ بۆ کاری ئەکتەر، نەک هەر تەواوکەری میتۆدی ستانسلاڤسکییە کە گرنگترین میتۆدی شانۆی ڕیالیزمە، بەڵکو لە ڕووی بەهای هونەری و هزر و جوانناسییەوە هاوشانییەتی، لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازیی بنەڕەتی نێوان هەردوو میتۆدەکە، ئەگەر لە لای ستانسلاڤسکی کار و شیکردنەوەی ئەکتەر بە ئاراستەی بەرجەستەکردنی کاراکتەر لە هەست و خرۆشانەکانی ناخەوە دەست پێ دەکات، ئەوە لە لای مایرهۆڵد ئەکتەر بە ریتم و جووڵە دەست پێ دەکات، بە مەبەستی گەیشتنی بە هەست و خرۆشانی ناخ. کتێبەکەی د. فازڵ جاف (کە نامەیەکی دکتۆرایە پێشکەش بە ئەکادیمیای هونەری شانۆی سان پترسبۆرگ کراوە) یەکێکە لە لێکۆڵینەوە هەرە بەڵگەدار و گرنگ و سەراپاگیرەکان لە نێو کتێبخانەی بڵاوکراوەی عەرەبیدا دەربارەی هزری شانۆیی مایرهۆڵد، چونکە زۆر ورد و بابەتییانە باس لە میتۆدی ئەو دەرهێنەر و پەروەردەکار و تیۆریزەکارە دەکات، نەک لە میانی بایەخ و کاریگەریی ئەو لە شانۆی ڕووسیدا و بە تایبەتی لە پاش شۆڕش، واتە لە

سەرەتای سەدەی بیستەمدا (وەک ئەوەی لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا هاتووە)، بەڵکو لێکۆڵینەوەی دەربارەی تێگەیشتنی توێژەرانی ئەوروپایی لە میتۆدی مایرهۆڵد و مەشقیان، سەبارەت بە پیادە کردن لە شانۆی ئەوروپا و تێکرای ڕۆژئاواش (وەک ئەوەی لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا هاتووە).

زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی وەردەگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی دەربارەی مایرهۆڵد، لە گرنگترین شت لە جەوهەری مایرهۆڵددا غافڵ دەبوون، مەبەستم لایەنی مەشقکردنەوەکەی و کردارییەکەی و جێبەجێکردنەکەیەتی. ئەمەش تەنها کولتوورێکی تیۆری یەک لاییمانی بۆ پێکهێنا، لە چوارچێوەیەکی شانۆیی زانستی وابەستەگی بەستانسلاڤسکی و میتۆدە ڕیالیزمییە دەروونییەکەیەوە، چونکە ئەم وەرگێڕانانە لایەنە کردارییەکەی لادەدا، تەنها لایەنە تیۆرییەکەی دەگرتەوە، ئەمەش کەموکوڕییەک لە ناسینەوەی هەر دیاردەیەک دروست دەکات و نایەڵێت زانیارییەکی ئەوا دەربارەی بزانرێت.

میتۆدی مایرهۆڵد لە دیدی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژئاوا (کە لە ژێر دەستی شانۆکاری عەرەبیدا نەبوو) خاڵێکی بنەڕەتییە. دکتۆر فازڵ جاف ماندووبوونێکی بەرچاوی بینی لە گەڕان بەدوای لێکۆڵینەوە و جێبەجێکردنە کردارییەکاندا، کە نووسەرانی زمانی ئینگلیزی کردوویانە. ئەوانەی بایەخیان بە مایرهۆڵد و میتۆدەکەی دا، لە ڕووی لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانییەوە لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە. بەڵام د. فازڵ جاف دەڵێت، بایەخدانی ئەوروپاییەکان بە مایرهۆڵد لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێ کردووە، هەروەکو لە داهاتوودا دەیبینین.

د. فازڵ جاف بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیری دەربارەی مایرهۆڵد پێشکەش بکات، باسی بارودۆخی لەدایکبوون و گەشەکردن و ژیان و پێشکەوتنی شانۆکەی تا کوشتنە تراژیدییەکەی و دواجاریش کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی بەسەر شانۆی هاوچەرخەوە.

نووسەر دەربارەی هۆگری مایرهۆڵد بە مۆسیقاوە دەنووسێت، بەشێوەیەک هەروەکو خۆی دەڵێت، خەریک بووە ببێت بە مۆسیقاژەن. بەڵام ئەم بایەخدانەش لە پێویستییەکانی هونەرمەند و شانۆکارە. بەهرمەندیی مایرهۆڵدی لاو، وای کرد هەڵبژێردرێت بۆ کارکردن لە تیپی هونەریی مۆسکۆ یەکڕاست دوای دامەزراندنی تیپەکە. ئەمەش وەک مامۆستاکەی نمیرۆفیچ دانجنکۆ دەڵێت: دانپیانانە بەتوانا هونەرییەکانی، لە کاتی خوێندنی بۆ شانۆ.

بەڵام مانەوەی مایرهۆڵد بۆ ماوەی چوار ساڵ لەو تیپەدا و شارەزابوونی بە میتۆدی سروشتی و چەمکی ستانسلاڤسکی و دانجیکو بۆ میتۆدی ڕیالیزمی لە شانۆدا و ئەو

بیرۆکە نوێیانەی بەدەستی هێنابوو، بووە هۆی ناکۆکی لەگەڵ مامۆستاکانی. بەڵام ئەم چەند ساڵە توانای فێربوونی بنەڕەتی شانۆ لە ستانسلاڤسکی وچیخۆف پێبەخشی. لە یەکەمیان فێری نمایشی سەر شانۆ بوو، لە دووەمیانیش فێری پێوەندی نێوان ژیان و هونەر بوو. هەروەها لێی فێربوو پاشەکەوت و شارەزایی لە دەربڕین بەکاربهێنێت لەسەر تەختەی شانۆدا، مەبەستم ستایل و چڕکردنەوەیە. بەکاریگەریی چیخۆفیش چاکەکە بۆ مایرهۆڵد دەگەڕێتەوە لە ڕزگارکردنی شانۆی ڕووسی و جیهانی هاوچەرخ لە درێژدادڕی میتۆدی سروشتی و ڕیالیزمی و تەکنیکە خنکێنەرەکانیان.

ستایل و چڕکردنەوە و جۆرەکانی دیکە، ئامرازن بۆ جووڵە بەخشین بە هونەرمەند و کارەکەی و کەشی دەوروبەری، ئەمەش ئەزموونێکی نوێیە لە دەقەکەدا نییە، ئەمەش جیاکارییەک و جۆرە دەوڵەمەندییەکی هزری بە دەرهێنان دەبەخشێت. بەتایبەتی کاتێک هەموو پێکهاتەکانی ستایلەکە و ئامرازەکانی فلیڤانی لە سینگرافیا و ئەکتەر و... هتد چڕ دەبنەوە بۆ ئەزموونێکی نوێ بۆ کەشەکە.

کاتێک کار و ئەزموونەکەی مایرهۆڵد پەرەیسەند، بەتایبەتی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، میتۆدەکەی زانرا، کە دەتوانین ناوی بنێین میتۆدی مایرهۆڵدی.

هەردەم کاتێ ئەوەی نەبوو بۆ ئەوەی هەموو بیرۆکە ئەزموونگەرییە دەوڵەمەندەکانی جێبەجێ بکات، چ لە کاتی کارکردنی جارانی لە شانۆکانی ئیمپراتۆرییەت، یان شانۆکانی دەوڵەت لە دوای شۆڕش، یان تەنانەت لە شانۆ تایبەتییەکەی خۆشی.

**بیۆمیکانیک.. میتۆدی مایرهۆڵدی هاوچەرخ**

بیستەکانی سەدەی ڕابردوو بە گرنگترین قۆناغی ژیان و بەرهەمەکانی مایرهۆڵد دادەنرێت، بەهۆی ئەو ئازادییەی شۆڕش بەخشیبووی، کە بووە مایەی هاتنەکایەی میتۆدەکەی (بیۆمیکانیک) بۆ پێشخستنی نواندنی ئەکتەر و پێگەیاندنی ستایلی بونیادگەریی لە نمایشی شانۆییدا.

لە ڕێی میتۆدی بیۆمیکانیکەوە، مایرهۆڵد توانیی شتێک پێشکەش بکات، ناوی لێنا ئەکتەری دوارۆژ. وەک دەستەواژەیەک بۆ مەشقی ئەکتەر و ئامادەکردنی. دکتۆر فازڵ جافیش بەتێرو تەسەلی باسی پێشکەوتنی ئەم میتۆدی کردووە، هەر لە ئەزموونە سەرەتاییەکانی مایرهۆڵدەوە، تا هاتنەکایەی میتۆدی بیۆمیکانیک و پێوەندیی بە بونیادگەری و گرۆتسکەوە، لەم کارەشیدا سەرچاوەیەکی هەمەجۆری بەکارهێناوە بۆ

دەوڵەمەندکردنی میتۆدەکەی، وەک: سێرک، مۆسیقای هۆڵ، جمناستیک، شانۆی چینی و ژاپۆنی کۆن و زانست جووڵە لە شانۆ و تیۆری هەڵچوونەکانی زانای دەروونزان ولیەم جێمس و بیرۆکەکانی بافلۆف لەسەر هەڵچوونە مەرجدارەکان، ئەمەیش بووە مایەی پەیداکردنی کۆمەڵێک ستایل و مەشقی گرنگ بۆ ڕاهێنانی ئەکتەر.

ئەم شێوە بەکارهێنانە هەمەلایەن و دەوڵەمەندەی میتۆدەکە، ئەکتەر هان دەدات بۆ هەستکردنێکی ئۆتۆماتیکی بەهەڵچوونە دەروونییەکان و گۆڕینی جووڵەی جەستە بەپێی میتۆدەکە بەشێوەیەکی بەردەوام و بەشکردنی بۆ جووڵەی وردتر، کە ئەمانەش پێوەندییەک لە نێوان توانا جەستەییەکانی ئەکتەر و هەستە دەروونییەکان دروست دەکات. چونکە میتۆدی بیۆمیکانیک پرەنسیپە سەرەکییەکانی نواندنە وردەکانی هەموو جووڵەیەک پێکدەهێنێت، لەگەڵ جیاکردنەوەی جووڵەکان بە مەبەستی گەیشتن بە وردییەکی نموونەیی. ئەمە میتۆدێکە میکانیزمی گەیشتنی بە شیعرییەتی نواندن و پەرەپێدانی تواناکانی ئەفراندنە جۆراجۆرەکانی ئەکتەر هەیە.

بێگومان ئەمەش دەبێتە مایەی ئەنجامی شانۆکاری، یان بەشانۆبوون لە کاری ئەکتەر و پەیامی بینەر. واتە هەموو شتەکانی لەسەر شانۆ دەخرێتە ژێر کاریگەریی یاساکانی گەمەی شانۆیی، چونکە شانۆکاری لەسەر مەرجێک وەستاوە، کە دەخوازێت فلیڤانی چوارەم هەبێت، ئەویش بینەرە، کە وای لێ دەکات لەیاد نەکات بەرامبەر شانۆ و ئەکتەرەکانە، کە ڕۆڵی خۆیان دەبینن و ئەکتەریش وا لێ دەکات لە یادی نەچێت لەسەر تەختەی شانۆ وەستاوە، بەرامبەر جەماوەر.

ئەم میتۆدە بووە هۆی بەکارهێنانی جۆرەها نمایشی شانۆیی، وەک: پانتۆمایم و کارامەیی جووڵانەوە و ئەوانی دی. هەروەها بووە هۆی توانای لێکدانی توانای جەستەیی بەتوانای هۆشمەندیی ئەکتەر و بەکارهێنانی بنەماکانی هونەری نوێی شێوەکاری لە نمایشی شانۆیی و سینگرافیا. ئەمانە هەموویان خاڵی بنەڕەتین توێژەر بایەخێکی تەواوی داوەتێ لە ڕاڤەکردن و هێنانەوەی نموونەی کرداری.

مایرهۆڵد میتۆدەکەی دانا و ئەکتەرەکانی فێری ئەوە کرد، کە لە سەرەتاوە پێویستییان بە هەڵچوون نییە، چونکە یەکەم جار دەبێت جووڵانەوەی دروست بکرێت، دوای ئەوە هەڵچوون و هەستکردنێکی ورد دێتە کایەوە. لەم ڕوانگەیەوە مایرهۆڵد پێیوایە هەموو شتێک لەسەر شانۆ بریتییە لە جووڵە. بەڵام نەک ئەو جووڵە ڕووتە ئەبستراکتەی هەندێک دەرهێنەری بێ توانا لە ئامرازەکانی دەرهێنانییان بەکاری دەهێنن. لە لای مایرهۆڵد

هەڵچوونەکان و وتەکانیش جووڵەن، ئەمەش بنەمای بیۆمیکانیکە.

د. فازڵ جاف پێناسەیەکی بۆ بیۆمیکانیک و گرۆتسک کردووە. کتێبەکەشی بە ژمارەیەکی زۆری ڕاهێنان و بیرۆکەی مایرهۆڵدی، کە باس لە بنەماو میتۆد و ڕەگەزەکانی دەکات دەوڵەمەند کردووە. ئەمەیش لەڕێی نمایشکردنی کار و ڕاهێنانەکانی لە جیهاندا. لە ڕێی کتێبەکەوە ڕاستی نواندن و ڕوانگەی دەرهێنان بە جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ هەردوو قوتابخانەی سروشت و سایکۆلۆژی. ئەم میتۆدەش تا ئێستا لە شانۆکانی جیهاندا بەکاردەهێنرێت.

پشت بەستنی مایرهۆڵد بە گرۆتسک و زیندووکردنەوەی لە فۆلکلۆری کۆن، تەنها بۆ مەبەستی دەوڵەمەندکردنی زمانی ئەکتەر بوو، چونکە گرۆتسک لە لای مایرهۆڵد واتا بەدیارخستنی دووفاقیی دیاردەکە و، بەدیارخستنی ناشیرینی و بێمانایی. چونکە کارەسات و پێکەنین بەیەک دەبەستێتەوە، خەون و ڕاستیش ئاوێزانی یەکدی دەکات. کەموکورتییەکانی دیکەش بەدیار دەخات. درک کردن بەم دیاریەیە و شیکردنەوەی بەم وردییە، دەبێتە هۆی قووڵکردنەوەی واتا ڕاستەقینەکەی و پێوەندیی بە واقیع و ژیانەوە بەشێوەیەکی گشتی.

بە پشت بەستن بەسەرچاوە و لێکۆڵینەوە باوەڕپێکراوەکان، نووسەری کتێبەکە دووپاتی ڕەتکردنەوەی باوەڕکردن بەوەی کە گرۆتسک واتا تەنها جیاواز و دژیەک. چونکە لە گرۆتسکدا ململانێی نێوان فۆرم و ناوڕۆک هەیە، یەکنەگرتنەوەی ڕووکەشی دەرئەنجامی کۆمەڵێک هۆیە. بۆیە مایرهۆڵد دەرهێنەرێکی گرۆتسکییە و باوەڕی بەوە هەیە کە شانۆ گرۆتسکە.. بەردەوامیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەر کاتێک گرۆتسک لە هونەری شانۆ ململانێی فۆرم و ناوەڕۆک هەبوو، یەکەمیان سەردەکەوێت. ئەو کاتیش ڕۆحی شانۆ وەک ڕۆحی گرۆتسکی لێ دێت.

هەرچی بیرۆکەکانی مایرهۆڵدە دەربارەی بونیادگەری، ناکرێت بەبێ هاوکاری کۆمەڵێک لە هونەرمەندە نوێخوازەکانی سینۆگرافیا تەواو بێت، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی جۆرەها هزر و ئەزموون و دۆزینەوەی بواری نوێ بۆ کەشی شانۆ (ئەم جۆرێتییە لە ڕێی دیکۆر و جلوبەرگەوە یارمەتیی دووپاتکردنەوەی ڕاستییەکەیدا، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر ستانسلاڤسکی هەوڵی دا ڕاستی لەسەر شانۆ بەدیارخات، ئەوا مایرهۆڵد بڕوای بەوە هەبوو، شانۆ خۆی لە خۆیدا هونەرە). مەبەست ئەوە بوو، ستانسلاڤسکی دروستی دەکرد، بۆ هێماگەری بەتایبەتی کاتێک مایرهۆڵد شانۆگەرییەکانی مترلنک، ئەندرییف، بلوک،

سـولوگوب و هوفـمانی دەردەهێنا . مایرهۆڵد بە یەکـەمین کەس دادەنرێت لە جێبەجێکردنی شانۆی هێماگەری لە ڕووسیا . بیرۆکەکانیش بونیادنەری گرنگترین بەرهەمەکانی بواری سینۆگرافیای کەش بوو، کە وەرچەرخا لە کەشێکی پان بۆ کەشێکی پڕ بەها بۆ ئەکتەری نوێ و هێما بونیادگەرییەکانی دیکە. چونکە مایرهۆڵد بۆی ڕوون بووەوە، کە میزانتسینی سـروشـتـی و واقـیـعی، کـە لـە شـانۆی هونـەری مـۆسکۆ. بەرهـەم دەهات بەسـەرپـەرشـتـی ستانسلاڤسکی بەکەڵک نایەت و لەگەڵ ئەو گوڕانکارییە شۆڕشیانەی ناگونجێت. بۆیە پشتی بە ئەکتەرە نوێیەکانی سینگرافیا بەست. چونکە بەکارەکانیان دووبارە جیهان پێکدەهێننەوە، ئەمەش یارمەتی مایرهۆڵدی دا بۆ پێشکەشکردنی نمایشی نوێ لەگەڵ ئەکتەرە نوێیەکەی، لەگەڵ دەوڵەمەندکردنی تێگەیشتنی بۆ پرەنسیپی (بەشانۆبوون)ی هۆشمەندانەی بونیادنراو لەسەر کات (ڕەزم) ، شوێن (میزانتسین).

بەکارهێنانی میزانتسین یارمەتی مایرهۆڵدی دا ، وەک بەشێک لە پلانی دەرهێنان، کە زیاتر لە کاتی بایەخدان بە ڕووناکی وەک ڕەگەزێک بۆ دەوڵەمەندکردنی میزانتسین، بۆیە ئەمڕۆ بونیادگەری بەگرنگترین شانۆی ڕووسی ئەوکات دادەنرێت و چاکەکەش بۆ مایرهۆڵد دەگەڕێتەوە. نمایشە بەناوبانگەکانی لەم ماوەیەدا ئەوە دەسەلمێنێت، وەک: مردنی تراکلین، دارستانەکە، ئینتیداب و موفەتیشی گشتی. بەڵام لە سەرەتای سییەکاندا ستالینییەت دەیڕوانییە میتۆدەکەی لە بیۆمیکانیک، کە ئەمە کارێکی چەپڕەوی هەڵەیە لە لایەن مایرهۆڵدەوە

## مایرهۆڵد و برێخت

مایرهۆڵد ئەو دەرهێنەرەیە، کە یەکەم بنەمای شانۆی رامیاری و هاندەریی لە نمایشەکانیدا سازدا ، وەک نمایشی: ڕۆژبووەنەوە، بەخشیم بەزەوی، مستیریا بوف و (د. ی) و هتد. بەم کارەشی بەپێش برێخت و بیسکاتور کەوت. چونکە بیرۆکەکانی کە پێش سەردەمەکەی کەوتبوو، هاوکات کەوتە پێش برتۆڵد برێخت لە خستنەڕووی چەمکی نامۆگەری لە شانۆدا ، واتە ئاوێتە نەبوونی ئەکتەر بەدەورەکەیەوە، بەڵکو نامۆبوونی و دروستکردنی لە نێوانی (ئەکتەر) و لە نێوان ڕۆڵەکەیدا ، بۆ گەیشتن بەکرداری بەشانۆبوون دوای ئەوە نامۆگەری.

زۆر لە لێکۆڵەران لە بیرۆکەکانی مایرهۆڵدیان کۆڵییەوە، سەبارەت بەپێکهێنانی بنەماکانی شانۆی رامیاری، کە هەریەک لە بیشکاتۆر و برێخت وەک سەرچاوەیەک وەریان

گرتبوو. ئەمەش توێژەر کاترین بلیس ئیتون جەختی لەسەر دەکاتەوە، کە برێخت بۆ پێکهێنانی شانۆکەی زۆری لە سەرچاوەکان بەکارهێنا بەتایبەتی بیرۆکەکانی مایرهۆڵد، کە بەتایبەتی ئەو زۆربەی ئەو ڕێگە و شێوازانەی دۆزیبووەوە و ئێمە ئەمڕۆ دەیانگەڕێنینەوە بۆ بیسکاتۆر و برێخت.

بایەخدانی برێخت بەشانۆی ڕووسی و سۆڤێتی، وایکرد زۆریک لە ئەفراندنەکانی مایرهۆڵد و وردەکارییە هونەرییەکانی بخاتە سەر شانۆ داستانی و نامۆگەرییەکەی کە پێی ناسرا، بەبێ ئەوەی ببێتە گواستنەوەیەکی فۆتۆگرافی، بەڵکو ویستی تەواو بچێتە قاڵبەکەیەوە و تێی بگات. لەم سۆنگەیەوە، کەواتە مایرهۆڵد دە ساڵ لە پێش برێختەوەیە لەم ئەزموونەدا، کە ڕێگە و شێوازی نوێی دووپات کردەوە و زاڵبوو بەسەر ئەزموونی شانۆی جیهانیدا لە زۆر کاری بێسوود و زۆربلێیی هونەری ڕزگار کرد.

نووسەر تێبینییەکی گرنگ دەهێنێتەوە لەسەر شۆڕشگێڕێتی هونەری مایرهۆڵد، کە بووە دڵەڕاوکێ و بێزاری بیرۆکراتی حزب، لەو ڕوانگەیەوەی کە شۆڕش لەو ڕۆژەوەی شیوعییەکان دەسەڵاتیان وەرگرتووە تەواوبووە. بەڵام دوای ئەوە کەوتنە لە ناودانی ئەو کەسانەی بانگەشەی دیموکراتییان دەکرد، بۆیە بیرۆکەکانی مایرهۆڵد و بۆچوونە هونەرییەکانی بۆ سەرنج ڕاکێشانی جەماوەر بۆ شانۆ بێزاریانی دەکرد، کە لە ڕێی پێشکەش کردنی نمایشی میللی بۆ بەرجەستەکردنی خەمە سەرەکییەکانیان بەتایبەتی سەردەمی نمایشە رامیارییەکانی، سەرباری ئەوەش مایرهۆڵد توانای کارتێکردنی لە جەماوەر و سەرجەم کارمەندانی بواری شانۆی شۆڕشگێری – چەپی ئەوکات هەبوو.

### چاوە نهێنییەکەی ستالین

بەهۆی دەوڵەمەندی و جۆری بیرۆکەکانییەوە، دەیتوانی هەر دەقێکی کلاسیکی بکات بە نمایشێکی ئەزموونگەریی بێوێنە. ئا لێرەوە قینی هاوچەرخانی بەرامبەری پەیدا بوو، تا ڕادەیەک هانی ستالینیان دەدا، بۆ ئەوەی لە ناوی بەرێت، بە تاوانی ستالینی پێکەنین ئامێز و ئامادەکراو وەک: (خزمەتکاری بێگانەیە، هەواڵگری بۆ ژاپۆن و بەریتانیا و لتوانیا دەکات، هاوپەیمانی ترۆتسکییە) لەگەڵ چەندین تاوانی ناحەزانەی دیکە، تەنها لەبەر ئەوەی هونەرمەندێکی هێماگەریی یان نموونەییە و شانۆکەی لەگەڵ شۆڕشدا ناگونجێت... ڕاستییەکەش تەواو پێچەوانەی ئەمانە بوو، هەر لەو کاتەش کە ئەمانە ئاهەنگیان بۆ کوشتنی دەگێرا، جەماوەر بە لێشاو دەهاتن بۆ بینینی نمایشە شانۆییەکەی

(ئاهەنگە.........) دوای ئەوەی ٥٠٠ جار نمایش کرا. چونکە بیرورِا پێشڕەوییەکانی لەگەڵ پێشڕەویی شۆڕشدا ئەوکات دەگونجا و جێگەی بایەخیان بوو، تەنانەت خەڵکە سڤیلەکەش.

هەموو دەمێک بیرورِای ئایدیۆلۆژیی خنکێنەر بەرەو رووی خەڵکانێک دەوستێت رووناکبیر و فلیڤانی سەربەستن، وەک چۆن مایرهۆڵد، هەرچەند دەستی بە پرۆژەیەکی گرنگ بکردبایە، تێیدا بونیادی بیرۆکەی دەرهێنانێکی نوێی بکردایە، بەربەست دەخرایە رێگەی، بۆیە مایرهۆڵد هەردەم لە کۆمەڵگەی سۆسیالیستدا خۆی وەک بێکارێک دەهاتە بەرچاو.

کەواتە ئەمانە هەمووی خاوەن دەسەڵاتی سەغڵەت دەکرد، کە دیموکراتی بووە دوژمنیان، مایرهۆڵدیش بە نمایشە شۆڕشگێڕییەکانی، کە سەردەمی خۆی تێپەڕاندبوو و دەیڕوانییە ئاسۆیەکی داهاتوو، بووە یەکێک لە دوژمنانیان. دوای تاوانبارکردنی مایرهۆڵد شانۆییەکانی لادران (کە لەو کاتانەدا هەر بەردەوام بوون) شانۆکەشی ساڵی ١٩٣٨ داخرا، سەرەڕای ئەوەی کە گوشاری بەهێز لەسەر هونەرمەندەکە لە ساڵی (١٩٢٧)ەوە دەستی پێ کردبوو. زۆر بەتوندیش دژایەتی دەکرا، دوای ئەوەی ستالینییەت ڕیالیزمی سۆسیالستی وەک میتۆدێکی یەکگرتوو سەپاند بەسەر هەموو ئەوانەی لە بواری شانۆ و ئەفراندنی ئەدەبی و هونەری کاریان دەکرد.

کاتێکیش چاوە نهێنییەکانی پیاوانی هەواڵگری ستالین بەدیقەوە تێیان دەڕوانی، تەنانەت دانپیانانیشی بەهەڵەکانی خۆی و کارە مەزنەکانی خۆی وەک هەڵەیەکی هزری و نەگونجانی لەگەڵ قۆناغی ستالینیدا هەژمار بکات، مایر هۆڵدی رزگار نەکرد، ناچار دوای زەحمەتێکی زەلیلانەی لێبوردنی بۆ خۆی و ئایزنشتاین و شستاکوفیچ کرد، کە ئەوانیش دووچاری ئەو نەفرەتکردنە هاتبوون بە بەردەوامبوونیان لە کارەکانیان بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان لە دوارۆژدا.

ئەمانە هەمووی مایرهۆڵد لە وتارەکەیدا (وەک بۆسەیەک و پیلانێک بووە بۆی) کە لە کۆنگرەی دەرچووان لە مۆسکۆ باسی کرد.

کاتێک دەسبەسەر کرا، ژنەکەی (زینادا رایخ) کە ئەکتەر بوو بە نامەیەکی ئاراستەکراو بۆ ستالین داکۆکیی لێ کرد. بەڵام وەڵامەکەی خێرا هاتەوە، ئەوەبوو لێی هاتنە ژوورێ و هەڤدە چەقۆیان جەستەی داو پارچە پارچەیان کرد. هەرچی شوقەکەشی بوو، سەرکردەی هەواڵگری (بیریا) بۆ خۆی داگیری کرد و کردی بەشوێنی شەوانی ڕابواردنی لەگەڵ

عاشـقەکانی خـۆیدا. بەم شـێوەیە تا نزیکەی نیـو سـەدە بیرۆکـەکانی مـایرهۆڵد تەنانەت ناوهێنانیـشی لە بیرەوەری شـانۆییـدا قـەدەغـەکرا، مـەخـابن ئەمـە بـوو ئەو بارودۆخـەی کـە دەرهێنەرێکی مـەزنی وەک مـایرهۆڵد کاری تێیدا دەکرد. هەرچی ڕۆژئاوا و ئەوروپاشـە بە دەرهێنەری دوارۆژی دادەنێن، بۆیە بـایەخێکی تایبەتی بەلێکۆڵینەوە لەسـەر ئـەزموونەکانی دەدەن.

**مایرهۆڵد و ڕۆژئاوا**

ئەو بەها گرنگەی ئەم کتێبە بەدەستی هێنا، ئەوەبوو نووسـەر ڕاوبۆچوونەکانی توێژەرە ڕۆژئاواییە پسـپۆڕەکانی بواری شانۆی ڕووسـی دوای شۆڕشی خستووەتە ڕوو، بە تایبەتی شانۆی مایرهۆڵد، لەگەڵ ڕاوبۆچوونی نەیارانی. ئەم کۆمەڵە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە کۆن و نوێیـانە، ئێـسـتـا بەهای خـۆیان هەیە، چونکە ڕێگەی کرداری مـیـتـۆدی مـایرهـۆڵدی لە شـانۆکانی ئەوروپاییدا ئاسـان کـرد. خـەسـڵـەتی سـەرەکی ئەم توێژەرانەش ئەوەیە، کـە کـولتـووری مـایرهـۆڵدی و بایەخـەکەی لە چوارچێـوەی پرۆسـەی شـانۆیی لە جـیـهـاندا دەتوێژنەوە لەو ڕوانگەیەوە توێژەر (کارتەر) لە ڕێی بیومیکانیکای مایرهۆڵدییەوە دووپاتی ئەو کێشە گرنگانە دەکاتەوە، کە میتۆدە نوێیەکە دەیبەخشێت، وەک جیاکەرەوەیەک بۆ جۆری نوێی ئەکتەر، واتە ئەدای بۆ سیستمە نوێیەکە، لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی بەسـەر شـێـوازە نوێیـەکـاندا هـاتووە و بەخـشـینی چەند کـەشـێکی نوێ بەشـانۆ، لەگـەڵ جێبەجێکردنێکی شـانۆیی کاریگەری بەسـەر ئەکتەرەکـان و جـەماوەرەوە هەبێت. ئەو بەشێوەیەک مـایرهۆڵد هەڵدەسەنگێنێت، کە ئەو تەنها شـانۆی نوێی بونیاد نەناوە، بەڵکو جـەمـاوەرێکی شـانۆیی نوێشی دروست کـردووە، لە ڕێگەی یەکـخـسـتنی سـەرچاوە کلاسیکییەکانی پێشوو و گەیاندنی بە هۆشمەندیی نوێی خەڵک. شـایانی باسە زانکۆکانی ئەمریکی و بەریتانی بایەخێکی زۆریان بە کولتووری مـایرهۆڵد دا تەنانەت ئەدوارد براون کتێبی (مایرهۆڵد... لە شانۆدا)ی وەرگێڕا، هەرچی بۆڵ شمیدتە کتێبی (مایرهۆڵد لە کاتی کاردا)ی نووسی، بەوردیش سەرنجی دایە کاری مـایرهۆڵد دوای شۆڕش. هەروەها جیمس سیمونس کتێبێکی بەناوی (مـایرهۆڵد... شانۆی گرۆتسک) بڵاو کردەوە، کە تێیدا باس لە کـۆشش و تەنگوچەڵەمـەکـانی مـایرهـۆڵد لەگـەڵ سـتـالینییـەکـاندا دەکـات. بەڵام براون لە کـتێـبـەکـەیدا (شـانۆی مـایرهـۆڵد شـۆڕشـە، لەسـەر شـانۆی نوێ) دووپاتـی دەکاتەوە، کـە مـایرهـۆڵد وا لە گـرۆتسک تێگـەیشـتـبـوو، کـە گـوزارشـتـە لـە فـەلسـەفـەی مـرۆڤـی هـاوچـەرخ.

هەروەها براون لە کتێبەکەیدا (دەرهێنەر و شانۆ) کە ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە، گرنگی و پلەی مایرهۆڵدمان نیشان دەدات، لە نێو دەرهێنەرانی شانۆی هاوچەرخدا و جەخت دەکاتە سەر کارەکانی مایرهۆڵد لە قۆناغی شانۆی سیاسیدا.

هەروەها مایرهۆڵد بەوە وەسف دەکرێت، کە لە دژی نەزانینی هونەریدا دەجەنگا، بەدانانی بنەمای نوێ بۆ کاری ئەکتەر و پێشکەش کردنی بەهاکانی جوانی بینەر. هاوکات دەبایە خۆی دوورخاتەوە لە بەدواکەوتنی پیاوانی حزب و هەواڵگری و پارێزگاری لە ژیانی خۆی بکات لە دەست حزبییە نەزان و هونەرمەندە قیندارەکان.

بۆیە، نووسەر د. فازڵ جاف لەم کتێبەیدا وێنەیەکی تەواوی بە بیرۆکەکان و میتۆد و بەسەرهات و چارەنووسی مایرهۆڵد بەخشیوە، مرۆڤ و هونەرمەند و دەرهێنەر. هەروەها وێنەیەکی مێژوویی بەخشیوە بە باردۆخی شانۆی سۆڤێتی لە نێوان ساڵانی ١٩١٧ تا کوشتنی مایرهۆڵد لە ساڵی ١٩٤٠. لەگەڵ پانتاییەکی تەواو و پێویست بۆ ڕاڤەکردنی ئەو دەستەواژانەی میتۆدی مایرهۆڵدی لەسەر بونیادنراوە، وەک: گرۆتسک، بونیادگەری، بیومیکانیکا و ئەوانی دیکە. گرنگترین شت لە کتێبەکەدا پێشکەش کردنی میتۆدی مایرهۆڵدە، لەگەڵ ئەو توێژینەوە و جێبەجێکردنە کرداری و مەشقە هاوچەرخانەی لەسەر میتۆدەکە کراوە. ئینجا ئەو توێژینەوانەی باسی کاریگەریی شانۆ و بیرۆکەکانی مایرهۆڵد دەکەن لەسەر شانۆی جیهانی هاوچەرخمان، بۆ ئەم مەبەستەش نووسەر چەند بەشێکی تەرخان کردووە، تێیدا بنەماکانی بیومیکانیکا و چۆنێتی مەشقکردنی و سوود وەرگرتن لێی، بەتایبەتی لە ئەزموونی شانۆیی ئۆدن لیوجین باربا لە دانیمارک و، شانۆی شەهرەزادی سویدی. یان باسکردنی ئەو ئاخاوتنانەی لەسەر ئەزموونی توێژەری ئینگلیزی ڕۆبرت لیتش و پێوەندیی بە مایرهۆڵدییەوە و دانانی بیومیکانیک وەک میتۆدێک بۆ پێگەیاندنی ئەکتەر و نمایشی شانۆیی، چونکە ئەو شانۆی مایرهۆڵد بە سەرچاوەی شانۆی ڕاستەقینەی هاوچەرخ دادەنێت.